عومەر گوڵپی:داهاتی حەوت مانگی رابردوو دوو ترلیۆن و 240 ملیار دینارە و کەس نازانێت چی بەسەرهاتووە



عومەر گوڵپی ئەندامی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان رایدەگەیەنێت، دواکەوتنی ناردنی موچەی (نیسان/4)ی موچەخۆرانی هەرێم بۆ دو هەکار دەگەڵتەوە و دەشڵێت، "داهاتی حەوت مانگی رابردو دو ترلیۆن و 240 ملیار دینارە و کەس نازانێت چی بەسەرهاتووە".

عومەر گوڵپی لەهەژماری تایبەتی خۆی لەتڕێی کۆمەڵایەتی فەیسبوك لەژێرناوی (بڵچی موچەی مانگی چوار دواکەوت؟) نوسیویەتی، "پاش ناردنی (یەك ترلیۆن و 900 ملیار دینار) بۆ هەردو موچەی مانگەکانی (شوبات/2 و ئازار/3)ی ئەمساڵ لەماوەی نزیکەی دو هەفتەدا، بەڕام وا جارێکیتر بەغدا ناردنی موچەی مانگی (نیسان/4)ی دواخست، ئەم دواخستنە بۆ هێ نیە، هەروەکچۆن توانی بە ناردنی دو موچەی یەك لە دوای یەك پابەندی خۆی بە بڵیاری دادگاو نیەت باشی خۆی

ئاماژەی بەوەشکردوە، دواخستنی موچەی مانگی (نیسان/4) لەلایەن بەغداوە، ئەگەر گریمان هەکاری سیاسی بێت وەك هەمیشە لایەنەکانی دەسەڵات بەغدای پێ تاوانبار دەکەن، ئەوە تەنها هەکارێکی لاوەکیە و هەکاری سەرەکی دواکەوتنی موچەی زۆر بە ونی بۆ دو هەکار

دەگەڵتەوە.

بەوتەی عومەر گوڵپی، "هەکاری یەکەم ئامادەست نەکردنی داهاتی ناوخۆی هەرێم بە ئەژمارکی حکومەتی فیدراڵی و پابەندنەبونی بەیاسای بودجە، هەکاری دووەمیش ئەنجام نەدانی پرسەی تەوتینە و تا ئێستا هەرێم خۆی لە بازنەی چەقبەستوی (هەژماری من) دەرنەکردوە و بە پاساوی جۆراوجۆر خۆی لەم بڕیارە دەدزێتەوە و بە زویی نەچوە بەدەم ئەم پرسەیەوە".

دەشێت، "جێبەجێکردنی ئەم دو خاڵە، بە تەواوەتی لە بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان و تەنانەت حکومەتیش هەرێمیشە، بەڵام لایەنەکانی دەسەڵات ئامادە نین دەست لە بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیان هەڵگرن و ئەم بەرژەوەندییە گشتیە بەدیبهێنن و کێشەی موچە کۆتایپێبهێنن".

سەبارەت بەداهاتی ناوخۆ، عومەر گوڵپی رایگەیاندوە، داهاتی ناوخۆ وەك ئەوەی ئامادەستی بەغدا ناکەن بە پێی یاساکان، تا هەرێمیش دەنگی بڕند بێت لە داواکردنی موچە و تەواوی بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان، ئەوەی لەناو خۆش ئەو داهاتە دیار نییە و کەس نازانێت لە چیدا خەرجی دەکەن و بۆ کوێ دەچێت؟، داهاتی ناوخۆی سێ مانگی کۆتایی ساڵی 2023 و چوار مانگی سەرەتای ئەمساڵ، کە ئەگەر تەنانەت بە پێی زانیارییەکانی خۆشیان بێت ئەوە بۆ هەر مانگێك 320 ملیار دینارە، بۆ هەر حەوت مانگەکە دو ترلیۆن و 240 ملیار دینار دەکات و کەس نازانێت ئەم داهاتە چی لێکراوە و بۆ کوێ دەچێت؟".

ئەوەشی ئاشکراکردوە، "سەرەڕای داهاتی نانەوتی، پاش وەستانی فڕۆشتنی نەوت بەڕێی، هەرێمی کوردستان ژانە 300-250 هەزار بەرمیل نەوت بەرهەمدەهێنێت و لە ناوخۆ و بە تەنکەر دەیفرۆشێت، دیسان داهاتی فڕۆشتنی ئەم نەوتەش هیچ کەس نازانێت چی لێدەکرێت و بۆ کوێ دەچێت؟".

عومەر گوڵپی ئەوەشی راگەیاندوە، "ئێستا کاتیەتی خەڵکی کوردستان لە بەرپرسانی دەسەڵات لە هەرسێ حزبە پێکهێنەرەکەی حکومەت بپرسێت، تا کەی دەتانەوێت ئەم دۆخە درێژە پێبدەن؟ بۆچی ناتانەوێت خەڵك پشو بدات و موچە وەك مافێکی شایستە بێ موچە خۆران خەرج بکرێت؟ ئایا ئەوە هێندە بەهێزن، بەبێ حسابکردن بۆ یاساو خەزێنەی گشتی و زیانی هاوڵاتیان، بەردەوام بن لەم شێوازە سیاسەتە چەوتە؟".